Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# خوێندنەوەیەکی تازە بۆ مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ و ڕۆڵییان لە دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان پێکهێنەرەکانی فریزە ناوییەکان

**صالح عبدالله بابكر**

بەشـی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

مۆرفیمەکـانی خســـتنەپـاڵ ڕۆڵێکی گرنـگ دەگێڕێن لە زمـانی کوردیـدا، بەجۆرێـک مۆرفیمی خســــتـنەپـاڵ دیـارخەر و دیـارخـراو بەیەکەوە دەبەســـتێتەوە، و بەمەش فریزە نـاوییەکان فراوان دەکـات. لەم جۆرانەدا دیـارخەر یەک جۆرە واتـاو چەمـک بە دیـارخراو نـادات، بەڵکو لەڕوی واتـاوە (خاوەنێتی، تایبەتێتی، لە گشتەوە بۆ بەش، لە بەشەوە بۆ گشت...هتد) دەدات.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵـدەدات پەیوەنـدییەکـانی نێوان پێکهێنەرەکانی فریزە فراوانکراوەکان دیاریبکات و لە هەندێک شـــوێن و بەپێی پێویســـتی فراوانی فریزە ناوییەکان بە زمانی دیکە بەراورد بکات.

توێژینەوەکە دابەشی سەر دو بەش دەبێت، لە بەشی یەکەمدا باسێکی گشتی مۆرفیمی خستنەپاڵ و جۆر و تـایبەتمەنـدییەکـانی لە زمـانی کوردیـدا دەکرێـت. لە بەشـــی دوەمیشـــدا ئەو ڕۆڵانە دیاریدەکرێت، کە ئەم جۆرەی مۆرفێم لە فراوانکردن و واتاپێدانی زیاتر بە فریزە نـاوییەکـان دەیگێڕێـت. لەکۆتـاییـدا پوختەی ئەنجامە بەدەســـتهاتوەکان و لیســـتی ســـەرچاوەکان هاتوە.

**کلیلە وشـــەکان:** مۆرفێم، مۆرفێمی خســـتنەپاڵ، فریز، دیارخەر، دیارخراو.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

**Received:** 22- August -2021

**Accepted:** 10-January-2022

**Published:** 29-June-2022

**Corresponding Author E-mail:** salh.abdulla@uor.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ ئەرکێکی گرنگی زمانەوانی بەجێدەهێنن، ئەم باسە بۆ خستنەڕو و دەستنیشانکردنی مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆرفیمە خراوەتەڕو.

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ "خوێندنەوەیەکی تازە بۆ مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ، و ڕۆڵییان لە دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان پێکهێنەرەکانی فرەیزە ناوییەکان" تەرخانکراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی مۆرفیمەکانی زمان (خستنەپاڵ) لە ئاستەکانی زماندا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، سەرچاوەکان و ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی یەکێکە لەو ئاستانەی ئەم دیاردەیەی تێدا بەدیدەکرێت.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی "پەسنی شیکاری" پەیرەوکراوە. کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەش لە زمانی کوردی – کرمانجی ناوەڕاست – وەرگیراوە و شیکاری بۆ کراوە و تایبەتمەندییەکانیان خراوەتەڕو.

## هۆی هەڵبژارنی توێژینەوەکە:

مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە زمانی کوردیدا، مۆرفیمی خستنەپاڵ دیارخەر و دیارخراو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەم جۆرانەدا دیارخەر یەک جۆرە واتاو چەمک بە دیارخراو نادات بەڵکو لەڕوی واتاوە (خاوەنێتی، تایبەتێتی، لە گشتەوە بۆ بەش، لە بەشەوە بۆ گشت...هتد) دەدات.

## بەشەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لەم پێشەکییە، خۆی لە دو بەش و ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکاندا دەبینێتەوە: بەشی یەکەم: باس لە چەمک و پێناسەو تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمی خستنەپاڵمان کردوە لەگەڵ مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ لە کرمانجی خوارو فرێزی ناوی.

بەشی دوەمیش باس لەڕۆڵی مۆرفیمی خستنەپاڵ لە دارشتن و لێکدانی وشە بەڕێگای سینتاکسی دەکات و هەروەها جیاوازی نێوان فریز و وشەی لێکدراو دەخاتەڕو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

## بەشی یەکەم:

## تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسەی مۆرفیمی خستنەپاڵ

پێش ئەوەی بێینە سەر پێناسەکردنی (مۆرفیمی خستنەپاڵ) بەپێویستی دەزانین بەکورتی باس لە مۆرفێم و جۆرەکانی مۆرفێم بکەین، مۆرفێم پێناسەی جیاجیای بۆکراوە لەلای ڕێزماننوسانی زمانی کوردییەوە. مۆرفێم: (بچوکترین دانەی واتادار یان خاوەن ئەرکی زمانە، بەو واتایەی مۆرفێم یان واتای هەیە یان ئەرکێک لە زماندا دەبینێت). (د.ئەورەحمانی حاجی مارف)یش بەم جۆرە مۆرفێم دەناسێنێت و دەڵێت: "مۆرفێم بچوکترین دانەی واتاداری زمانە" (ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤: ل ٢٤). ئامرازی خستنەپاڵ (بەستنەوە) بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتنەو لە پێکهێنانی وشە و ڕستەدا دەوری خۆی دەبینێت و پەیوەندی ناو و بەشە ئاخاوتنەکان بەیەکەوە دەبەستێت و بە زۆری لەڕوی بونیادنانەوە سەربەخۆن. (ڕەفیق محمد محێدین شوانی،٢٠٠٢، ل٤٧).

## جۆرەکانی مۆرفێم بە شێوەیەکی گشتی بریتین لەمانە:

١- **مۆرفێمی ڕیشەیی:-** (بچوکترین بنکەی وشەیە، کەمانای سەرەکی وشە هەڵدەگرێت، بەشی هەرە زۆری ئەم جۆرە مۆرفیمانە بەشێوەی سەربەخۆش خۆیان دەنوێنن واتاش دەبەخشن" هەر لەبەرئەوەشە هەندێک جار لەزانستی زماندا مۆرفێمی ڕیشەیی بە مۆرفێمی سەربەخۆ ناودەبرێت وەک:

(ئاین، گوڵ، سەر....هتد)(ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤:ل ٤٥).

٢- **مۆرفێمی بەند:-** بەو مۆرفێمانە دەگوترێت کە بەتەنها وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو لەشێوەی بەنددا دەردەکەوێت و پێویستی بە مۆرفێمی سەربەخۆ هەیە بۆئەوەی دەربکەوێت و بەکاربهێنرێت، واتە خاوەن ڕواڵەتێکی سەربەخۆ نییە).(نەریمان عەبدوڵا خۆشناو،٢٠١٣ :ل ٦٩).

مۆرمێمی بەندیش دابەش دەبێت بۆ دو بەش:-

١- مۆرفێمی وشەدارێژ: ئەم مۆرفیمانە دەبنە کەرەستەیەک بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، واتە دەچنە سەر ڕەگی وشەو وشەی سادە، وشەیەکی نوێی داڕێژراو دروست دەکەن، کە بریتین لە (پێشگر و پاشگر و ناوگر).

بۆ نمونە:-

پاشگر (ین) سەر ⬅ سەرین نەرم ⬅ نەرمین

گەنم ⬅ گەنمی

٢- مۆرفێمی وشەگۆڕ:- ئەم مۆرفێمانە حاڵەتی ڕێزمانی پێکدەهێنێت، واتە (دەچێتە سەر وشە و حاڵەتی جیاوازی ڕێزمانی پێکدەهێنێت، مۆرفیمی وشەگۆڕ کە بریتییەلە نیشانە وەک پێشگرو پاشگر بەسەرەتا و کۆتایی وشەوە دەلکێن). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٦: ل ٤٩)، وەک نیشانەی (ەکە، ان، ێک، ە)، نمونە:-



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30


کوڕ + ە ← کوڕە

کۆڕ + ەکە ← کوڕەکە

کۆڕ + ێک ← کوڕێک

کوڕ + ان ← کوڕان

کەواتە دەتوانین جۆرەکانی مۆرفێم ئەم هێڵکاریەی بۆ بکەین:-




## مۆرفیمی خستنە پاڵ

مۆرفیمی خستنەپاڵ مۆرفێمێکی بەندی ڕێزمانییە، بەو واتایەی ئەرکی هەیە، نەک مانای هەبێت و واتاداربێت، کەواتە دەچێتە ژێر خانەی مۆرفیمی ڕێزمانییەوە نەک مۆرفیمی دارشتن، لەسەرەتادا ئاماژەمان بەوەدا کە مۆرفیمی ڕێزمانی (وشەگۆڕ) بریتییەلە (نیشانە)، نیشانەکان زۆرن (ەکە، ان، مە، ب، ە، ی)، بەڵام کاری ئێمە بریتییە لەباسکردنی مۆرفیمی (خستنەپاڵ). وشەی خستنەپاڵ بەرامبەر وشەی عەرەبی(اضافة – ئیزافە)، بەڕای د.ئەورەحمانی حاجی مارف (دانانی ئەو نیشانانە بەپیت یاخود ئامراز یان هەر شتێکی تر هەڵەیە، چونکە وەک ئاشکرایە ئەرکی ڕێزمانی دەگەیەنن)(ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤: ل ٢٢٩). مۆرفیمی خستنەپاڵ لەلایەن ڕێزماننوسانەوە چەند پێناسەیەکی بۆ کراوە بۆ نمونە:-

١- مۆرفیمی خستنەپاڵ (بەو نیشانانە دەگوترێت کە دیارخەرو دیارخراو بەیەکەوە دەبەستێت و پەیوەندی وەسفی و خاوەنێتی و چۆنیەتی ... نێوانیان نیشان دەدات)(هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٥).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

کەواتە ئەم نیشانانە جگەلەوەی کە ئەرکی بەستنەوەی دیارخەر بە دیارخراوەوە دەبینن، لەگەڵ ئەوەشدا وەسفی ئەو پەیوەندیەش دەکەن کە لەنێوانیاندا دروست بوە.

٢- مۆرفیمی خستنەپاڵ (بریتییەلە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ناوی سەرەکی یان دەرخراوی فریزی ناوی و ناوەکانی تری فرێزەکەو بەدۆخێکی ڕێزمانی دادەنرێت، واتە خستنەپاڵ یان ئیزافە بریتییە لە کردەی فراوانکردنی فرێزی ناوی بەمەبەستی خستنەڕوی لایەنێک یان زیاتری ناوە دەرخراوەکە، بەیەکێک یان زیاتر لەدەرخەرەکە). (ئەبوبەکر عومەر قادر،٢٠٠٣: ل ٤٢).

کەواتە مۆرفیمی خستنەپاڵ ڕۆڵی گرنگی هەیە لە فراوانکردنی فرێزی ناوی، زیاتر لەلایەنێکی دەرخراوەکە ڕوندەکاتەوە بەهۆی دەرخەرێک یان زیاتر.

(خستنەپاڵ: بەستنەوەی کەرەستە دیارخەرەکانە بەفرێزە ناوییە دیارخراوەکانەوە، واتە بەهۆی ئەم مۆرفیمانەوە دەتوانرێت ڕێگە بەوە بدرێت، کە کەرەستەی تر بێتە ناوەوە بەمەبەستی دەرخستنی لایەنێک یان چەند لایەنێکی دیارخراوەکە).(پێشڕەو علی صالح،٢٠١٥: ل ٩٩).

خستنەپاڵ یان (ئامرازی پاڵێودان یان خستنەسەر):- ئەکەونە سەر ناو یان وشەیەکی ترو ئەو وشە پاڵدەدەن بە وشەکانی تر لەڕستەدا و دۆخی ڕیزمانی بۆ وشەکەی دوای خۆی دروست دەکات. (کچا ئازادی).(ڤیان سلێمان حاجی،٢٠٠٩، ل ٦٩).

## تەوەری دوەم: مۆرفیمی خستنەپاڵ لە کرمانجی خواروودا:

مۆرفیمی خستنەپاڵ ئەوەیە کە دیارخەرو دیارخراو بەیەکەوە دەبەسێت و بەزۆری دیارخراو لەسەرەتاوە دێت و دیارخەر لە دواییدا دێت، ئەو کاتە یەکێک لەو مۆرفیمانە وەردەگرێت (ی، ە)، بۆ نمونە:-

گوڵی سور، کچە جوانەکە

بەڵام بەپێچەوانەوە هیچ مۆرفیمێک وەرناگرێت، چونکە پێویستی پێی نابێت.

مۆرفێمەکان لە کرمانجی خواروودا کەمن، بەڵام لە کرمانجی سەروودا زۆرترن، مۆرفێمە باوەکانی کرمانجی خوارو (ی، ە)نن. هەروەها خاڵێکی گرنگ هەیە دەبێت ئاماژەی پێبکەین ئەویش ئەوەیە کە مۆرفیمی (ی) لە مۆرفیمی(ە) چالاکترە. دەتوانین پێناسەیەکی پوختی مۆرفیمی خستنەپاڵ بکەین:-

(بەو کەرەستانە دەگوترێت کە دیارخەرو دیارخراو بەیەکەوە دەبەستێت و پەیوەندی وەسفی و خاوەێتی نێوانیان پیشان دەدات وەک (کچی جوان).(سیروان سەمین احمد،٢٠١٥:ل ٤٩)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

## مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی):

مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) مۆرفیمێکە لە مۆرفیمە چالاکەکانی زمانی کوردی، چەندین ئەرکی ڕێزمانی دەبینێت، یەکێک لەو ئەرکانەی دەیبینێت (ئەرکی خستنەپاڵ)ە کە دیارخەر و دیارخراو بەیەکەوە دەبەستێتەوە. وەک (داری گەورە).

هەندێک جاریش بەبێ مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) یش وشەیەک پێکدەهێنرێت، وەک لەهەندێک ناوچەی کوردستاندا بێ ئەوەی نیشانەیەک لە نێوانیاندا هەبێت دیارخەر بەدوای دیارخراودا دێت، بۆ نمونە (پیاوئاغا) و ناوترێت (پیاوی ئاغا)، (کوڕ تۆ) ناوترێت (کوڕی تۆ).

لێرەدا بەپێویستی دەزانین باس لەسەرچاوەی دروستبونی مۆرفیمی خستنەپاڵ بکەین، (هەندێک بەڵگە وادەگەیەنن ئەم نیشانەیە لە جێناوی هەبێت (ئێ) یەوە هاتبێت، بەڵام لە هەندێک کاتدا وا دەردەکەوێت کە دیارخەرو دیارخراوی بەیەکەوە بەستوەتەوەو دەوری ئیزافە دەگێرێت، لە زمانی فارسی ناوەڕاستدا (ئێ) جێناوی هەیی بوەو کاری ئیزافەشی بەجێهێناوە، هەروەها لەئاوێستادا(یە/یا) (یەت/هیەت) بوەو لەهەمان کاتیش وەکو ئیزافە کاری کردوە.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤:ل ٣٠٠-٣٠١).

لێرەدا باسی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) دەکەین چ کاتێک دەردەکەوێت، (ئەگەر دیارخراوەکە کۆتایی بەپیتی نەبزوێن هاتبێت ئەوا بەڕەوانی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) دەردەکەوێت، وەک (پیاوی مەرد)، (ژنی باش)، بەڵام ئەگەر دیارخراوەکە بەپیتی بزوێن کۆتایی هاتبو ئەوا بەپێی یاسای فۆنەتیکی کوردی (ی-I ) دەبێتە (ی – y ) و دەردەکەوێت، بۆ نمونە:-

خانوی فەقیر مانگەشەو چرایەتی.

دۆی ترش بخۆ.

لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین ئەگەر دیارخراو کۆتایی بەپیتی بزوێنی (ی) هاتبێت، ئەوا مۆرفیمی خستنەسەری (ی) لە گۆکردنەکەدا دەرناکەوێت، بۆ نمونە:

ڕێوی فێڵباز.

بەڵام هەندێکجاریش دەکرێت نیشانەکان بچنە سەر دیارخراو ئەویش کاتێک دیارخەر ئاوەڵناو بێت و واتای وەسفی بگەیەنێت، بۆ نمونە:

کوڕێکی ئازا کوڕانی مەرد

بێگومان ئاڵوگۆڕکردنی نیشانەکانیش لە دیارخەرەوە بۆ دیارخراو یان بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی پەیدابونی واتای جیاواز. مۆرفیمی خستنەسەری (ی) ڕۆڵی چەند ئەرکێک دەبینێت پێویستە ئاماژە بەو ئەرکانە بکەین:-

(ئەگەر ئیزافە بەهۆی مۆرفیمی خستنەسەری (ی) پێکبێت، واتە دیارخراو نیشانەی (ی) وەربگرێت، دیارخەر دەتوانێت هەمو جۆرەکانی ئاوەڵناوی (چۆنیەتی، نیسبی، نادیار) وەربگرێت، بۆ نمونە:-



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

ئاوەڵناوی نیسبی: لەژێر ئاسمانی شینا

لەپاڵ لوتکەی بەفرینا

ئاوەڵناوی نادیار: پارەی ترم ناوێت.

ئاوەلناوی چۆنیەتی: هەرگیز خانوی وا بەرزم نەدیوە.(ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤:ل ١٩٨).

ئامرازی (ی)ی خستنەسەر کاتێک دەردەکەوێت کە ناوی سەرە (ناسراو/نەناسراو) بێت: بۆ نمونە:

کچەکەی فەرهاد (دیارخراو+ ی+ دیارخەر)(تالیب حسێن علی، ٢٠١٤، ل ٢٦).

## مۆرفیمی خستنەپاڵی(ە):

مۆرفیمی خستنەپاڵی (ە) یەکێکی ترە لەو مۆرفیمانەی ڕۆڵی دانەپاڵ دەبینێت، بەڵام لە (ی) چالاکتر نییە. (بەکارهێنان و واتای جیاواز دەبێت، بۆ چەندین واتای جیاواز بەکاردێت بەگشتی و چەمکی نزیک دەگەیەنێت).

بۆ نمونە:- ئەمە هات.

واتای تریش دەگەیەنێت و بۆ چەمکی (بەستنەوە و ناساندن و ئێستا)ش بەکاردێت.

بۆ چەمکی بەستنەوە:-

گوڵە گەنم، دەچمە هەولێر.

بۆ چەمکی ناساندن:-

کوڕە هات، دزە گیرا.

بۆ چەمکی ئێستا:-

پیاوە، زیرەکە

هەروەها مۆرفیمی (ە) لە لێکدانی وشەش دەوری خۆی دەبینێت:-

بۆ نمونە: (گوڵەبەڕۆژە) (بوکە شوشە).

هەروەها دەبێت بزانین کاتێک بزوێنی ئیزافە بەهۆی (ە) دروستبو ئەوا سەرجەم نیشانەکانی دەچنەسەر دیارخەرو دیارخراو هیچ نیشانەیەک وەرناگرێت، بۆ نمونە:

کچە زیرەکەکان.

مۆرفیمی خستنەسەری (ە) وەکو (ی) لەهەندێک باردا دەردەکەوێت، بەڵام لەهەندێک باری تریشدا تێدا دەچێت. (ئەگەر دیارخراو کۆتایی بەپیتی نەبزوێن هاتبێت، ئەوا بەڕەوانی نیشانە ئیزافەی (ە) پێوەدەلکێت. بۆ نمونە:

گڵۆپە سورەکە.

منداڵە ژیرەکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

بەڵام ئەگەر دیارخراو کۆتایی بەپیتی بزوێن هاتبێت و لە برگەیەک زیاتر بێت و دیارخەرەکەشی ئاوەڵناو بێت ئەوا مۆرفیمی خستنەسەری (ە) دەرناکەوێت، بۆ نمونە:-

خوێندنگا بەرزەکە.

باڵا بەرزەکە.

بەڵام ئەگەر یەک برگە بێت، هەر بەبزوێنیش کۆتایی هاتبێت ئەوا دو بزوێن بەدوای یەکدانایەت و زۆرجار نیمچە کۆنسنانتی (ی) لە نێوانیاندا پەیدادەبێت. بۆ نمونە:-

دۆیە ترشەکە.

چایە گەرمەکە.

لێرەدا دەبێت باسی ئیزافەی (ە) بکەین چ کاتێک سازدەبێت، بەزۆری ناو و ئاوەڵناو دەتوانن ببنە دیارخەر. بۆ نمونە:-

پەرداخە شیرەکە.

کاتێک دیارخەریک ناو بێت و ناوەکەش وەک ئاوەڵناو دەور ببینێت.

## مۆرفیمی خستنەپاڵی (ە) هەندێک ئەرک دەبینێت:

(ئەگەر ئیزافە بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ە) دروست ببێت، واتە بەدیارخراوەوە بلکێت، ئەوکاتە تەنها ئاوەڵناوی (چۆنیەتی و نیسبی) دەتوانن بەدوایدابێن واتە ببن بەدیارخەر، بەڵام ئاوەڵناوی نادیار ناتوانێت بێت و ئەو ئەرکە ببینێت، بۆ نمونە:-

کچە جوانەکە.

بوکە زێرینەکە.

هەروەک پێشتر باسمان کردوە دیارخراو هیچ نیشانەیەک وەرناگرێت لە (ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ)، کەواتە بە پێچەوانەوە نیشانەکان دەچنە سەر دیارخەر، بۆ نمونە:-

ژنە ئازاکە.

بەردە ڕەشەکە.

لێرەدا دەتوانین جیاوازیەکی ورد و دروست بکەین لە نێوان مۆرفیمی دانەپاڵی(ی) و(ە):-

- لەهەندێک بواردا ئەگەر (ی) بکرێت بە (ە) واتای جیاواز پەیدادەبێت. بۆ نمونە:-

پوری نەسرین ⟵ پورە نەسرین

یان هەندێکجار (ی) بکرێت بە (ە) لە جیاتی دەوری ئیزافە دەوری لێکدان دەبینێت، بۆ نمونە:-

گوڵی باخ ⟵ گوڵەباخ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

نیشانەی ئیزافەی (ی) دەتوانێت بچێتە سەر دیارخراو و نیشانەكان وەربگرێت، بەڵام(ه) ناتوانێت.

## تەوەری سێیەم:- تایبەتمەندییەكانی مۆرفیمی خستنەپاڵ

لەزمانی كوردیدا و لە كرمانجی خوارو دو نیشانەی تایبەتیمان هەیە بۆ حاڵەتی خستنەپاڵ (ئیزافە)، كە ئەوانیش بریتین لە (ی – ه). لەهەندێك شوینی ناوچەی كوردستان حاڵەتی خستنەپاڵ (ئیزافە) بەزۆری بەبێ نیشانە سازدەبێت، لەكاتی ئاخاوتندا ئەوە دێتە بەرگوێ كە ئەگەر دوا دەنگی وشەی دیارخراو كۆنسنانت بو بەم شێوەیە دەردەبڕدرێت:-

پیاو ئاغا. كوڕ تۆ. بەرخ نێر.

ناوترێت پیاوی ئاغا ، كوڕی تۆ ، بەرخی نێر.

ئەگەر بێت و دیارخراو بەدەنگی بزوێن كۆتایی هاتبێت، ئەو كاتە نیشانە بەكاردێت و دەڵێن:-

برای گەورە.

پەنجەی من.

## تایبەتمەندییەكانی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی):-

١- لەكردەی خستنەپاڵی مۆرفیمی (ی) دوای مۆرفیمەكانی ناسراوی و نەناسراوی، ڕاستەوخۆ دوای ناوی (تایبەتی، گشتی، جێناو) كە ڕۆڵی دەرخراو دەبینێت دێت. (ئەبوبەكر عومەر قادر،٢٠٠٣:ل ٤٥). بۆ نمونە:-

كتێبەكەی تۆم خوێندەوە.

كتێبەكانی تۆم خویندەوە.

كتێبێكی تۆم خویندەوە.

هەڵگوردی برازام خۆشەویستە.

پیاوی درۆزن كەس خۆشی ناوێت.

ئێوەی دڵسۆز خۆشەویستن.

٢- (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ڕادە) وەك دەرخەر بەدوای مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) دێت، بۆ نمونە:-

ڕەشەبای سلیمانی بەناوبانگە. (ناو)

كتێبەكەی تۆ زۆر بەسود بو. (جێناو)

كتێبێكی باشم دەستكەوت. (ئاوەڵناو)

٣- مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) دەچێتە كۆتایی فرێزی ناوی و فراوانتری دەكات، بۆ نمونە:-

سەری فەرهادم و، دەندوكی قوڵنگ

دەستی مەجنونم و، دامێنی چیا (نالی)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

## تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمی خستنەپاڵی(ە):

خستنەپاڵ بەم مۆرفیمە کاتێک ڕودەدات کە:-

١- ناوی دەرخراو دەبێت ناسراو کرابێت، یان بە ئاوەڵناوی ئیشارەت دیاری کرابێت، بۆ نمونە:-

کوڕە زیرەکەکە هات.

٢- نیشانەی ناسراوی (ەکە) بۆ کۆتایی دوا دەرخەری فرێز دەگوێزرێتەوە تەنانەت گەر دەرخەرەکان بە (و) خرانە پاڵ یەک، بۆ نمونە:-

کوڕە دڵسۆز و بە ئەمەکەکە هات.

٣- دەرخراو هەمیشە ناو دەبێت، جێناو نابێت.

٤- دەرخەر دەبێت ئاوەڵناو یان ئاوەڵناو ئاسابێت.

٥- مۆرفیمی (ە) کاتێک بەکاردێت، کە مەبەست لە دەربڕین، خستنەڕوی تایبەتمەندیەکی دەرخراو بێت. (هەمان سەرچاوە،٢٠٠٣:ل ٤٥).

لە تێکڕای دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا وا ڕێکدەکەوێت لەیەک ڕستەدا و لەدوا دیارخەرەوە کۆمەڵە ناوێک بە دوای یەکدادێن و نیشانەی ئیزافە وەردەگرن و هەموشیان دەوری دیارخەر دەبینن.

ئەگەر لە ڕستەدا دو ناو یاخود زیاتر بە یاریدەی (و)ی پەیوەندی بەیەکەوە بەسترابن و دەوری دیارخراو ببینن ئەوا دوا ناویان نیشانەی ئیزافە وەردەگرێت، بۆ نمونە:-

بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم.

بەنان و ئاو و جلو بەرگی خۆم

## تەوەری چوارەم:- فرێز و فرێزی ناوی

فرێز لە زمانی کوردییدا چەند زاراوەیەکی تریشی بۆ بەکارهێنراوە ئەویش (گرێ، دەستەواژە...) کە هەر بەواتای فرێز دێن. هەروەها فرێز لەڕوی دروستکردنەوە لە ڕستە بچوکترە و لە وشەش گەورەترە، واتە دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستەوە هەندێکجار مانا دەبەخشن و هەندێک جاریش نابەخشن. فرێز دەشێت لەیەک بترازێت و فراوان بکرێت بە وشەی تر بۆ نمونە:-

(دەرگای ژورەکە) فرێز(گرێی)ە، دەتوانرێت وشە بچێتە نێوانیان و فراوان بکرێت، وەک (دەرگای ئەم ژورە) کەواتە دەتوانرێت بەهۆی ئامرازی خستنەسەرەوە فراوان بکرێت و بواری فراوانی زیاتری هەبێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

## فرێز چەند پێناسەیەکی بۆ کراوە لە کتێبە ڕێزمانییەکان ئەمانە بەشێکیانن:

١- گرێ لە کۆمەڵە وشەیەکی پەیوەندیدار پێک دێت و کاری لەگەڵدا نییە. (نەریمان عەبدوڵا خۆشناو،٢٠١٤: ل ١٣١).

٢- گرێ بریتییە لە دو وشە یان زیاتر کەواتای تەواو نەبەخشێت و کاریشی لەگەڵدا نەبێت. (هەمان سەرچاوە،٢٠١٤:ل١٣١).

٣- بریتییە لە کۆمەڵە واژەیەکی لەیەکتر دانەبڕاو، کە نەمەعنایەکی تەواو دەبەخشێت و نەفرمانێکیان لەتەکدا دەبێت، و پێکەوە لەڕستەدا ئەرکی پارچەیەک لە پارچەکانی ئاخاوتن دەبینێت. (نوری عەلی ئەمین،٢٠١٤: ل٤٠).

٤- فرێز بەو دانە سادە سینتاکسیە دەوترێت، کەلە دو یاخود چەند وشەیەکی سەربەخۆ پێکهاتبێت، ڕێزمان بەیەکیانەوە دەبەستێت. (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤:ل ٢٠٦).

٥- فرێز بریتییە لە وشەیەک یان کۆمەڵە وشەیەک ، کە وەک یەکەیەکی سینتاکسی لە جێکەوتەی تری ڕستە بەکار بهێنرێت. (عبدالجبار مستەفا معروف، ٢٠١٠:ل١٣).

## ئەم پێناسانە چەند کەموکوڕیەکیان هەیە کە ئەمانەن:

١- مەرج نییە هەمو فرێزێک لە دو وشە یان زیاتر پێک بێت، چونکە دەشێت لە تاکە وشەیەکیش پێکبێت.

٢- مەرج نییە فرێز واتا بەخش نەبێت، بەڵکو دەشێت واتا بدات.

٣- جۆرێک لە جۆرەکانی فرێز (فرێزی کارییە) کەواتە ئەم بۆچونە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت نابێت فرێز کارێکی لەگەڵدا بێت.

## فرێز و جۆرەکانی فرێز:

فرێز چەند جۆرێکی هەیە ئەوانیش:-

١- فرێزی ناوی.

٢- فرێزی کاری.

٣- فرێزی ئاوەڵناوی.

٤- فرێزی ئاوەڵکاری.

٥- فرێزی بەند. (نەریمان عەبدوڵا خۆشناو،٢٠١٤:ل ١٣٣).

هەر فرێزێک لەو فرێزانە وشەیەکی سەرەی هەیە و سەربەخۆیەو چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، هەندێک لەو تایبەتمەندیانەی سەرە هەیەتی:-

(هەڵگری گرنگترین زانیاری سیمانتیکە، هەمیشە بەخورتین، پۆلێک وشەکانی ناو فریزەکە دەستنیشان دەکەن، هەمان دابەشبونی فرێزی هەیە، پلەیەکی مۆرفۆ سینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەیەکی ڕێزمانییە، دەسەڵاتی بەسەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

کەرەستە شوێنکەوتوەکانی خۆیدا هەیە، دەتوانرێت لە فرێزدا کەرەستە لاوەکییەکان لاببرێت بەبێ ئەوەی کار لە واتای فرێزەکە بکەن، بەڵام ناشێت سەرەی فرێز لاببرێن.(ئومێد بەرزان بورزو،٢٠١٣:ل١٠-١٦).

هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین کە فرێز هەروا دروست نابێت بەبێ هیچ مۆرفیمێک، بەڵکو لە دروستکردنی فرێزدا دیارخەرو دیارخراو وەک دو بەشە سەرەکی فرێز بەهۆی جۆرە مۆرفیمێکەوە پێکەوە دەبەسترێنەوە ئەویش مۆرفیمی دانەپاڵە.(ی،ە،ȼ).(شیروان حسێن محمد،٢٠١٤:ل ١٦٩).

فرێزیش وەک هەر دانەیەکی ڕێزمانی تر چەند ئەرکێک دەبینێت، بە پێویستی دەزانین لێرەدا ئاماژە بەهەندێک لەو ئەرکانە بدەین:-

١- بکەر:- ئەحمەد هات. ف.ن (بکەرە)

٢- بەرکاری ڕاستەوخۆ: سۆران وانەکەی خوێند. ف.ن (بەرکاری ڕاستەوخۆ)

٣- بەرکاری ناڕاستەوخۆ: شیرین چو بۆ زانکۆ. ف.ن (بەرکاری ناڕاستەوخۆ )

٤- نیهاد: ئاریان جوانە. ف.ن (نیهاد)

٥- گوزارە: ئاریان جوانە. ف.ن (گوزارە)

**فرێز بەهۆی چەند یاسایەکەوە دروست دەکرێت، یاساکانی زۆرن، بەشێک لەیاساکان ئەمانەن:**

**١- ڕستە** ← (ف.ن +ف.ک) ← (ناو+ ف.ک)

شێرزاد هات.

٢- ڕستە ← (ف.ن + ف.ک) ← (ف.ئاوەلکار+ ف.ک)

نەسرین زۆر خێرا هات.

٣- ڕستە ← (ف.ن + ف.ک) ← (ف. ن +ف.ک)

کارزان نانی خوارد.

٤- ڕستە ← (ف.ن + ف.ک) ← (ف.ئاوەڵکاری+ ف.ک)

ئەحمەد کچێکی جوانی بینی.

٥- ڕستە ← (ف.ن + ف.ک) ← (ف. بەند+ ف.ک)

کارزان بە ئۆتۆمبیل ڕۆیشت.

٦- ڕستە ← (ف.ن + ف.ک) ← (ف. ئاوەڵکاری+ ف. بەند+ ف.ک)

نازەنین دوێنێ ئێوارە بە ئۆتۆمبیل ڕۆیشت.

٧- ڕستە ← (ف.ن + ف.ک) ← (ف. ئاوەڵکاری+ ف.ن+ ف.بەند+ ف.ک)

ئەحمەد ئەمڕۆ بەیانی کچێکی بە جوانی مارەبڕی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

٨- ڕسته ← (ف.ن + ف.ك) ← (ف.ن+ ئاوەڵناو+ ف.ئاوەڵناوی+ ف.ك)

كارزان كچێكی باڵا بەرزی چاوشینی بینی.

## فرێزی ناوی:

فرێزی ناوی جۆرێكە لە جۆرەكانی فرێز و بەو جۆرانە دەوترێت كە سەرەی ناوە یان جێناوە و سادەترین فرێزی ناوی لە ناوێك پێك دیت و لە ڕستەدا ئەركی ناو دەبینێت. بە شێوەیەكی گشتی دەتوانین فرێزی ناوی پێناسە بكەین و بڵێین كە:-

(هەمو فرێزێكی ناوی بریتییە لە ڕۆنانێك كە پێكهاتوە لەڕەگەزێكی سەرەكی (سەرە)و بەناوێك دەناسرێتەوە و لەگەڵ وشەیەكی شوێنكەوتو یان زیاتر كە بە ئارەزوە، ئەویش ئەو جۆرە فریزە ناویانە دەگرێتەوە كە لەڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا لانەدراون و لە شێوەی مۆڕفیمێكی بەند لەناو فرێزێكی كاریدا چێندرابن)(ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤:ل٢١١). هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین كە دەتوانرێت سەرەی فرێزەكە بەچەند كەرەستەیەكی لاوەكی فراوان بكەین ئەم كەرەستانەش لەدوای سەرەوە دەردەكەون بەمەش دروستكردنی فریزە( ناویە)كە فراوان دەكەن، لە زمانی كوردیدا هەندێك لەو شوێنكەوتوانە دەتوانن لەشێوەی وشەیەكی سەربەخۆدا دەركەون و بكەونە پیش ناوی (سەرە) و بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەكی خستنەسەریش لەگەڵ ناوەكە بێت، بەم وشانە دەڵێن دیارخەرەكانی پێش سەرە. بۆ نمونە: ئەو كچە هات.

هەندێك لەو شوێنكەوتوانە هەن دەكەونە دوای ناوی سەرەوە، ئەمانیش دەكرێن بە دو جۆرەوە، یان لە شێوەی مۆڕفیمێكی بەندا بەناوی سەرەوە دەلكێن بەمانە دەڵێن (دیاریكەر) و ئەوانیش (مۆڕفیمی ناسیاوی و ناناسیاوی و كۆ) دەگرێتەوە، بۆ نمونە:

كچێك ← كچان

كوڕەكە ← كوڕەكان

یان لە شێوەی وشەو فرێز و پارچەدا دەردەكەون، دوای ناوی (سەرە)كەش بەهۆی نیشانەكانی خستنەسەرەوە لەگەل ناوەكە لێكدەدرێن، بەمانەش دەڵێن دیارخەرەكانی دوای سەرە، بۆ نمونە: كچێكی جوان هات.

## فرێزی ناوی دەتوانێت چەند ئەركێك جێبەجێ بكات:

١- بكەر: - دانیشتنی ئێرە خۆشە.

٢- تەواوكەری كاری بەهێز:- گوێزی هەورامان دەكرِم.

٣- تەواوكەری كاری بێهێز:- باران كوڕی تۆیە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

**هەروەها دەتوانرێت دو جۆر فرێزی ناوی دەستنیشان بکرێت:**

١- فرێزی ناوی سادە:-

هەمو فرێزێکی ناوی کەرەستەیەکی سەرەکی تێدایە کە بەناو ناسراوە، واتە سادەترین فرێزی ناوی لەسەرەتایەک پێکدێن، کە دەشێت ناوێک بێت نیشانەی تایبەتی هەبێت یان نیشانەیەکی گشتی، بەڵام ئەو ناوەی دەبێتە بناغەی فریزی ناوی سادە بەشێوەیەکی چالاک ناوی تایبەتییە، بۆ نمونە:-

نیاز چو بۆ زانکۆ. ← تایبەتی

پیاو کاری واناکات. ← گشتی

٢- فریزی ناوی فراوان:-

دەتوانین فرێزی ناوی سادە بە چەند یەکەیەکی ڕێزمانی (مۆرفیم – فرێز – ڕستە) فراوان بکەین، لەم فراوانکردنە (سەرە) بنەڕەتە و هەمو فراوانکردنێک بۆ (سەرە) دەگەڕێتەوە، هەروەها دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی دو جۆر فرێزی ناوی فراوان جیابکەینەوە، ئەمانیش:-

دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی.

دروستەی دەرەوەی فریزی ناوی.(ئومێد بەرزان بورزو،٢٠١٣:ل ٢٠٠).

**بەشی دوەم**

**تەوەری یەکەم: ڕۆڵی مۆرفیمی وشەدارێژ لە داڕشتن و لێکدانی وشە:-**

مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) وەکو مۆرفیمی بەندی داڕشتن، مۆرفیمی (ی) وەکو بەندی داڕشتن بەشداری لە پێکهێنانی وشەدا دەکات و ڕۆڵێکی چالاکی لە پێکهێنانی وشەدا هەیە، بەچەند شێوەیەک خۆی دەنوێنێت:-

ڕۆڵی (ی) وەکو پاشگر:-

ناوی داڕێژراو:- کچی ژیرم.

ئاوەڵناوی داڕێژراو:- جوانی گەنم.

هەروەها وەک پاشگر بە هەندیک ناوەوە دەلکێت و ناوی پیشە دروست دەکات و دەچێتە سەر ناو بۆ بەخشینی نەسەب بەهۆی شوێن:-

شوان + ی ← شوانی

هەولێر+ ی ← هەولێری

گاوان + ی ← گاوانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

## بەرهەمهێنانی وشە بە ڕێگای سینتاکس:

مۆرفیمی (ی) بەپێی ئاستەکان لە زمانی کوردیدا ڕۆڵی جیاجیا دەبینێت، (ی) یەکێکە لەو کەرەستانەی ڕستە کە ئەم ئەرکانە دەبینێت (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، دیارخەر)(عاتف عبدالله فرهادی،٢٠١٤:ل ٢٩)، بۆ نمونە:-

١- بکەر ⟵ تۆ هاتی جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک (بکەر).

٢- بەرکاری ڕاستەوخۆ ⟵ دەیکوژم جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک( بەرکار).

٣- بەرکاری ناڕاستەوخۆ ⟵ لێی وەردەگرمەوە جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک (بەرکاری ناڕاستەوخۆ).

٤- ئەرکی دیارخەر ⟵ منداڵەکەی خنکا جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک (دیارخەر)ە، (منداڵەکەی ئەو خنکا).

## سروشت و پێکهاتەی فرێزی ناوی (بەئامراز و بێ ئامراز)

فرێزی ئیزافە بە ئامراز:- ئاشکرایە کە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا فریزی ئیزافە بەپێی یاسای (دەرخراو+ نیشانەی ئیزافە+ دەرخەر) ڕێکدەخرێت. نیشانەکانی ئیزافەش بەگوێرەی بارودۆخ و چەشنی پەیوەندی واتای دەرخەر بە دەرخراوەوە دوانن (فاروق عومەر صديق،٢٠١٣:ل ١٣١):

١- (ی-I)کۆتایی دەرخراو کۆتایی هاتوە بە کۆنسنانت، (ی- y) کۆتایی دەرخراو کۆتایی هاتوە بە ڤاوڵ:-

منداڵی ساوای شیرەخۆرە.

پیاوانی گەڕەکی ئێمە.

٢- (ە – e) لەو کاتەدا بەکاردێت کە دەرخراو بە (ەکە) دیاریکرابێت و دەرخەریش دەربڕی کوالیتی بێت، لێرەدا نیشانە دەچێتە سەر دەرخەرو ئەگەر لە دەرخەرێک زیاتر بو، ئەوا دەچێتە دوایین دەرخەر.

ئاوە پاکە ڕونە ساردەکە.

## فرێزی بێ ئیزافە:

سازکردنی فرێزی بێ ئیزافە لە کوردیدا بەگوێرەی خۆبەستنەوەو پەیرەویکردنی ئەو یاسا کۆنەیە و تا ئەمڕۆش کاری پێدەکرێت، بۆ نمونە:-

ئەم پیاوە ئەم ⟵ دەرخەرە ، پیاوە ⟵ دەرخراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

## پرۆسەی بە لێکسیم بونی فرێزی بە ئامراز و بێ ئامراز:

**١- بە لێکسیمبونی فرێزی بە ئامراز: ئەم فرێزانە بە نیشانەی ئیزافەکانیان دەکرێت ببن بە دو وشە.**(فاروق عومەر صدیق،٢٠١٣:ل ١٣٤).

بەشداری نیشانەی (ی) وەک:- داری سێو

بەشداری نیشانەی (ە) وەک:- دارە سێو

فرێزی بە ئامراز یەکسانە بە وشەو هەندێک جاریش تا وشەی گران دروست دەکات و بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لەسەرەتا و قۆناغی یەکەم فرێزی ئیزافەی کراوە بەیارمەتی نیشانەی (ی) دروست کراوەکە کورتکراوەی نیشانەی (هیا)ی کۆنە ئینجا بە یارمەتی نیشانەی (ە) کە لە جێناوی نیسبی (یا) و هاتوە، تا ئێستا لە کرمانجی سەرو بۆ ڕیزی مێینەی تاک کاری پێدەکرێت، بەم شێوەیە:-

| | | | |
|---|---|---|---|
| داری سێو ← | داری سێو ← | دارە سێو ← | دار سێو |
| قۆناغی یەک | قۆناغی دو | قۆناغی سێ | قۆناغی چوار |
| فرێزی کراوە | قایمکراو | قایمکراو | وشەی گران |

لە ڕاستیدا بە گوێرەی پێویستی کۆمەڵ پرۆسەی ناونانی نوێ قایم دەکرێت و سەرلەنوێ بەرهەم دەهێنرێتەوە بەڵام مەرج نییە بۆ هەمو حاڵەتێک بەو قۆناغە تێپەڕێنرێت، واتە بۆ هەمو جارێک پێویست ناکات بەکراوەیی دەست پێ بکات و بە قایمکراوی کۆتایی بێت.

بەڵکو بەپێی ئەم سیستەمە سینتاکسیەی خەڵکی لە زمانەکەیاندا گوێیان پێڕاهاتوە و پەیڕەوی دەکەن وەک فرێزێکی قایمکراوی یەکێک لەو قۆناغانە ڕاستەوخۆ نەک قۆناغ بە قۆناغ ڕێکدەخرێن و بەشدارییان لە ناونراو پێدەکرێت.

## ٢- بە لێکسیمبونی فرێزی بێ ئامراز:

ئەم جۆرە فرێزە بەتایبەتی یاسای (دەرخەر + دیارخراو) بنیاتنراوە، وەک دەرکەوتوە کۆنترین و سەرەکیترین ڕێگای سازکردنی فرێز بوە، بەڵام دوای سەرهەڵدانی فرێزی ئیزافە بەگوێرەی یاسای (دەرخراو+ نیشانەی ئیزافە+ دەرخەر) کە تیایدا شوێنی دەرخەر و دیارخراو پێچەوانەی فرێزی بێ ئیزافەیە.(سەرچاوەی پێشو،٢٠١٣: ل ١٣٣).

بەرەبەرە سنوری بەکارهێنانی جارانی نەماوە و بەرەو تەسکبونەوەو گرژبونەوە و کزبون چوە، تا وای لێهاتوە ئەوساو ئێستاش تەنها لە هەندێک پەیوەندی سینتاکسدا پەنایان بۆ بردراوە.

وشەکانی (دوپشک – هەزار پێ – سێ پا ...) زۆربەیان کۆنن و بەتەمەنن بەرهەمی سەردەمی ئەو فرێزەن کە لە ئاستی سینتاکسدا باش قایمکراون بەرەو لێکسمبون ڕۆیشتون و یەکسانبون بە وشە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

**بەرهەمی فرێزی بەئامراز:** (ئیدیۆمی ونا ئیدیۆمی ) دەگرێتەخۆ. (هەمان سەرچاوە:٢٠١٣:ل١٣٧–١٣٨)

**بەرهەمی فرێزی بەئامرازی ئیدیۆمی:**

بۆ نمونە:- باڵی تەیارە، قاچی كورسی، ڕۆژی ڕەش...).

**بەرهەمی فرێزی بەئامرازی نائیدیۆمی:**

- بەیارمەتی نیشانەی (ە):- بەردە قارەمان، گوڵەگەنم، شارە مێرولە.....)
- بە یارمەتی نیشانەی (ی):- دانی شیری، نانی تیری، گەڵای پەپولە، قوڕی شوشە، گوارەی ئاڵتون، مزگەوتی گەورە، شەڕی چاڵدێران، جەژنی ڕەمەزان، دكتۆری ددان...)

## تەوەری دوەم: جیاوازی نێوان فرێز و وشەی لێكدراو:

فرێز:- بریتییە لە كۆمەڵە واژەیەكی لەیەک دانەبڕاو، كە مانایەكی تەواو دەبەخشێت، نە فرێزێكیان لەتەكدا دەبێت و وەپێكەوە لە ڕستەدا ئەركی پارچەیەک لە پارچەكانی ئاخاوتن دەبینین. (نوری عەلی ئەمین،٢٠١٣: ل ٤٥٠)

بۆ نمونە:- دوژمنی خۆم. بەڵام، وشەی لێكدراو:- ئەو واژەیەیە كە دو ڕیشە یان زیاتری هەیە.(هەمان سەرچاوە،ل٢٤). بۆ نمونە: مارماسی

لێرەدا دەبێت پەیوەندی نێوان فرێزو وشەی لێكدراو ڕون بكەینەوە، واتە پەیوەندی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، ئەویش دولایەن دەگرێتەخۆ:-

**یەكەمیان**:- لایەنی (بنەڕەتی) واتە هەندێک وشەی لێكدراو هەن لە بنەڕەتدا فرێزن و بە لێكدراو ناوبراون، ئەوانیش ئەو وشانە دەگرنەخۆ كە لەڕوخساری دەرەوەیاندا وشەی لێكدراون لە ناوەڕۆكیش فرێزن. بۆ نمونە:-

دارخورما ← داری خورما

**دوەم**:- لایەنی (شێوە) واتە ڕوخسارو شێوەی دەرەوەی وشەی لێكدراو دەگرێتەوە، واتە لە شێوەی دەرەوەی لەگەڵ فرێزدا یەكن و تەنانەت شارەزایانیش بەئاسانی جیایان ناكەنەوە، تەنها جیاوازیان لەوەدایە كە لە بنەڕەتدا هەر وشەی لیكدراون و فرێز نین و هەرگیز ناین بە فرێز، واتە لێكدراوی ڕەسەنن.

بۆ نمونە: یەكشەممە ← یەكی شەممە

بۆ زیاتر شیكردنەوەی جیاوازی نێوان فرێزو وشەی لێكدراو ئەم نمونەیە دەخەینەڕو:

(تەختەیەكی ڕەش ← تەختەڕەش) دەتوانین بڵێین یەكەمیان فرێزێكی پێكهێناوەو مانای ئەوە دەدات كە تەختەیەک كە ڕەنگەكەی ڕەشە، بەڵام لە دوەمیان وشەیەكی لێكدراوە و واتای ئەوە دەدات تەختەیەكە لەسەری دەنوسرێت. بۆ ئەمەش دەتوانین پشت ببەستین بە دوانەكانی سۆسێر، لەو ڕوانگەیەوە سۆسێر جیاوازی نێوان فرێز و وشەی لێكدراومان بۆ دەخاتەڕو:-



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

١- وشەی لێکدراو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە داهاتی زمانی ئاخێوەرەکانیەوە هەیە، چونکە دەچێتە ئاستی پەیوەندیە ستونییەکەوە، بەڵام فرێز زیاتر پەیوەستە بە پەیوەندییە هەنوکەییەکانەوە، کە دەچێتە ئاستی پەیوەندیە ئاسۆییەکانەوە.

٢- وشەی لێکدراو لەدوای بەرهەم هاتنی دەچێتە چوارچێوەی فەرهەنگەوە و بەهەمان واتاوە بەکاردێت، بەڵام فرێز دەچێتە چوارچێوەی ڕێزمانەوە، کە یاسا دەستورییەکانی زمان بەرهەم دەهێنن.

٣- بەپێی ئەوەی وشەی لێکدراو دەچێتە فەرهەنگەوە (ئاستی مۆرفۆلۆجی) بۆیە دەبێتە فۆرمێکی ئامادە و دەستکاری ناکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی فرێز لە چوارچێوەی یاساو دەستورەکانی زماندایە، بۆیە فۆرمێکی ئامادە نییە و گۆڕراوە.

وشەی لێکدراو وشەیەکی داخراوە و هەمو کەرتەکانی وەک وشەیەک ڕەفتاردەکەن، قاڵبێکی ئەوتۆیان هەیە کە بەزەحمەت دەکێشرێت، واتە ناتوانرێت کەرتێکی تر بخرێتە نێوانیان، بۆ نمونە:- تەختەڕەش

پێکهاتەیەکی لێکدراوە و ناتوانرێت هیچ کەرتێکی تر قاڵبەکەی بشکێنێت ڕێگە بەفراوانبون نادات، چونکە پەیوەندیەکی مۆرفۆلۆژیان هەیە، بەڵام هەرچی فرێزە زیاتر لە ئاستی سینتاکسدایە و کەرتی تر زۆر بەئاسانی دەتوانێت قاڵبەکەی بشکێنێت لەسەر بنەمای دیارخەر و دیارخراو، بۆ نمونە: تەختەڕەش بکەین بە فرێز زۆر بەئاسانی کەرتێکی تر دەتوانێت بێتە نێوانیان و واتە (تەختەی ڕەش) یان ( تەختەیەکی ڕەش) چونکە قاڵبی فرێز بە ئاسانی تێک دەشکێنرێت، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کەرتەکانی فرێز وەک یەکەیەکی یەکگرتو کارناکەن. هەروەها بۆ جیاکردنەوەی فرێز لە وشەی لێکدراو ناتوانین پشت بە شێوەی نوسین ببەستین، بۆ نمونە:- (گوڵەسورەکە) فرێزە

(گوڵەباخ) وشەی لێکدراوە.

لێرەدا دەیسەلمێنین کە ناتوانین پشت بە شێوەی نوسین ببەستین و بیکەینە پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو لە فرێز، بەڵام دەتوانین لەسەر بنەمای واتا جیایان بکەینەوە. هەروەها ئەگەر نیشانەی نەناسراوی (ێک) بە کۆتایی وشەوە لکا، ئەوا لێکدراوە و بە پێچەوانەوە فرێزە، کە هەردانەیەک بێت دەتوانێت وەریبگرێت.

گوڵێکی سور.

هەروەها دەتوانین سیمای جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو لە فرێز لە زمانی کوردیدا بە پێی چەند لایەنێک دەستنیشان بکەین وەک:-

**١- لایەنی فۆنۆلۆژی**: وشەی لێکدراو هەڵگری تاکە هێزێکە ئەم هێزەش جێگۆڕە، واتە لەهەندێک وشە هێزەکە دەکەوێتە بەشی یەکەم، بۆ نمونە:- (تەڕەپیاز، گوڵەباخ...)

لەهەندێک وشەی تردا هێزەکە دەکەوێتە بەشی دوەم .

بۆ نمونە (دڵ ڕەق، چاو سەوز....)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

**٢- لایەنی مۆرفۆلۆژی**:- لەوشەی لێکدراو بەشە پێکهێنەرەکان بەشێوەیەکی فرێز بەندن وتێکهاڵاون و وەک یەک دانە ڕەفتاردەکەن. توفیق وەهبی دەڵێت: دەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان فرێز و وشەی لێکدراو ئەگەر نیشانەی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ بە دواوەی وشەوە لکا، ئەوا وشەکە لێکدراوە، بەڵام فرێز هەر دانەیەکی تری پێوەبلکێت.

بۆ نمونە:- کچە باڵا بەرزەکە هات. (وشەی لێکدراوە)

کچە زیرەکەکە هات. (فرێزە)

**٣- لایەنی سینتاکسی**:- وشەی لێکدراو هەرگیز کەرت ناکرێت و واتا مەودا نادات شتێکی تر بچێتە نێوانیانەوە و لێکیان بترازێنێت. بۆنمونە:-(گوڵاڵە سورەکە) ناتوانرێت هیچ شتێک بچیتە نێوانیانەوە و فراوان بکرێت، بە ئاوەڵفرمانی ڕادەیی وەک ( زۆر، کەم....) بەڵام دەکرێت لە فریزدا دابنرێت، وەک (کچێکی زۆر جوانم بینی) بەڵام بۆ لێکدراو وەک ( کچێکی زۆر نەرم و نیانە) ئەمەش واتای ئەوەیە بەشەکانی وشەی لێکدراو سنوردارن لە دوبەش یان زیاتر پێکدێت بەڵام فریز بێسنورە.

**٤- لایەنی واتا**:- بەشەکانی وشەی لێکدراو پەیوەندیەکی واتایی بەیەکیانەوە دەبەستێت و بەپێچەوانەوە فرێز کە پەیوەندیەکی واتایی ئەوتۆ لە نێوان بەشەکانی فرێزدا بەدیناکرێت، چونکە لە فرێزدا هەر بەشێک بگریت واتای تایبەتی خۆی هەیە، هەروەک بلۆم فیلد دەڵێت:- (وشەی لێکدراو لەڕوی واتاوە پتر تایبەتمەندن وەک لە فریز)

بۆ نمونە:- بۆ وشەی لێکدراو (دەم وچاو، هەزار پێ...)

لەڕوی واتاوە هەردوک بەشەکە یەک وشە دروست دەکەن و ئاماژە بۆ ناوی شتێک یان کەسێک دەکەن، کەچی لە فرێزدا هەردانەیەک سەربەخۆیە و ئاماژە بۆ کەسێک یان شتێک دەکەن. بۆ نمونە:- (چل چرایە، ژمارەی چراکان چەندن؟)

**٥- دوبارەکردنەوە**:- مەبەست لە دوبارەکردنەوە کردەی بەرهەمهێنانی کەرەستەیەکە بەخواستنی ماوەی فۆنۆلۆژی، واتە چەند فۆنیمێک یان بڕگەیەک لەڕەگ یان لە بناغەی وشەکە خۆیەوە، ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی جیهانییە واتە لە هەمو زمانێکدا بەدیدەکرێت و لە فریزدا بەرچاوناکەوێت.

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دوبارەکردنەوە لە فرێزدا دەبێتە مایەی دروستبونی ڕستەی ناسروشتی و ناپەسەند لەڕوی واتاوە بۆیە دەتوانین ئەم دیاردەیە بە وشەی لێکدراو دابنێین، بۆ نمونە:-

دەفتەرێکم کڕی. فرێز

هاژە هاژی ئاو دێت. وشەی لێکدراو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

## ئەنجامەکان:

گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەم چەند خاڵەدا بەرجەستە دەبێت:

١-مۆرفیمەکان چەند جۆرێکن، مۆرفیمی خستنەپاڵ دەچێتە خانەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییەوە.

٢- مۆرفیمی خستنەپاڵ لە کرمانجی خواروودا ژمارەیان کەمە بەبەراورد لەگەڵ مۆرفیمی خستنەپاڵی کرمانجی ژورو.

٣- مۆرفیمی خستنەپاڵ دو وشە دەداتە پاڵ یەکتری و وەسفی نێوانیان دەکات.

٤- مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ جگەلەوەی کە ژمارەیان دیاریکراوە، بەلاَم ڕۆڵیان هەیە لە فراوانکردنی فرێزی ناوی زۆرە.

٥- مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی) چالاکترە لە مۆرفیمی خستنەپاڵی (ە).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30

# A New Reading for Bound Morphemes and Their Roles in Building the Relationships Between the Components of Noun Phrases.

**Salih Abdalla Babakr**
Kurdish Department- Basic College of Basic Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** salh.abdulla@uor.edu.krd

**Abstract:**

The inflectional morphemes play a significant role in Kurdish language in a way that they tie the modifier and modified together which leads to expansion of noun phrases. In these types of phrases، the modifier does not only provide one type of sense and meaning to the modified، but it supplies it with senses such as possession، distinctiveness، from general to specific، from part to whole، etc.

This study attempts to identify the relations between the components of the expanded phrases، and it compares them with other languages occasionally based on the needs of the expanded phrases.

The study is divided into two sections. In the first section a general explanation about Bound Morpheme، its types and characteristics in Kurdish language will be provided. In the second section the roles of this type of morpheme play in expanding and supplementing further meaning to the noun phrases will be identified.

In the end of the study، an outline of the obtained results and reference list are presented.

**Keywords:** Morpheme, Bound Morpheme, Phrase, Modifier, Modified.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30**

## سەرچاوەکان:


ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، مۆرفۆلۆژی، بەرگی یەکەم (ناو) چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٩.

ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەرگی یەکەم (وشەسازی) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤.

ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی) بەشی سێیەم (ئاوەڵناو)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، فۆنۆلۆژی (ناو)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

ئومێد بەرزان بورزو، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، چاپی دوەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،٢٠٠٣.

پێشڕەو صالح عەلی، یاسا مۆرفۆلۆجییەکان لە دارشتەی مۆرفۆ سینتاکسدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

تالیب حسێن علی، هەندێک لایەن لەپەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤ .

ڕەفیق محمد محێدین شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠٠٢.

سیروان سەمین ئەحمەد، دروستەی سینتاکسی لەشێوە ئاخاوتنی ناوچەی کەرکوکدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٥.

شێروان حسێن حمد، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٤.

عەبدوڵا حسێن ڕەسوڵ، چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.

عەلی ڕوخزادی، ڕێزمانی کوردی سۆرانی، کەرتی یەکەم (اول)، بڵاوکردنەوەی کوردستان.

محمد معرف فتاح، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕون، سلێمانی، ٢٠٠٦.

نازەنین جەلال ئەحمەد، وشەی لیکدراو لە دیالێکتی کرمانجی خواروودا لەڕوی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغداد، ٢٠٠٤.

نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، دەنگسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، ڕستەسازی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٤.

نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٣.

هێرش کەریم حەمید، بەراوردێکی مۆرفیمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، ٢٠١٥.

ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژمارە(٢٩) جۆرەکانی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا، کۆلێژی زمان، بەشی زمان، زانکۆی سەلاحەددیین.

عاتف عەبدوڵا فەرهادی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٣١)، ڕۆڵی(ی) لە زمانی کوردیدا، ٢٠١٤.

فاروق عومەر سدیق، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٤٢)، جێ پەنجەی فرێزی بە لێکسیمبو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، ٢٠١٣.

شەهاب شێخ تەیب، وانەکانی وشەسازی، زانکۆی ڕاپەرین، کۆلێژی پەروەردە قەڵادزێ، بەشی زمانی کوردی، قۆناغی دوەم.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper30